# ئێمە سیواک وئاوی دەستنوێژمان ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، بۆیە خوای گەورە بە پێی ویستی خۆی هەڵی دەساند لە شەودا ، بۆیە سیواکی دەکرد، ودەستنوێژی دەگرت ونوێژی دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:«ئێمە سیواک وئاوی دەستنوێژمان ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، بۆیە خوای گەورە بە پێی ویستی خۆی هەڵی دەساند لە شەودا (بەخەبەری دەکردەوە بۆ شەو نوێژ کردن بە پێی ویستی خۆی)، بۆیە سیواکی دەکرد، ودەستنوێژی دەگرت ونوێژی دەکرد».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە سیواک وئاوی بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئامادە دەکرد بۆ دەستنوێژگرتن لە کاتی شەودا، پاشان خوای گەورە لە هەرکاتێکی شەودا بەخەبەری دەکردەوە، ئەگەر هەڵبستایە ئەوا سیواکی دەهێنا بە سەر ددانەکانی بۆ ئەوەی ئەو بۆنە لا ببات کە بەهۆی خەوتنەوە بۆنی ناو دەمی گۆڕی بوو، پاشان دەستنوێژی دەگرت وشەونوێژی دەکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3758

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee